# شالاَوی ئەنفال و کاریگەری لەسەرباری ئابووری ودەرونی و کۆمەلاَیەتی ئافرەتی بە جیٚماوەی ئەنفال

**نووسینی: عەدالەت عومەر سالح**

**پیٚشەکـــــی :**

بەدریٚژای میٚژوو کوردان بە گشتی لە سەر خاك و ولاَتی خۆیان دووچاری سیاسەتی غەدرلیٚکردن وچەوساندنەوەولەناوبردن بونەتەوە، لە کوردستانی عیٚراقیشدا رژیٚمە یەك لە دوایەکەکانی ئەم وولاَتە بەبەردەوامی و نەپچڕاوەیی لە سەر کوتکردن و داپلۆسینی ئەو نەتەوە ستەمدیدەیەدا بونەو بە هەموو شیٚوە و ریٚگایەك ویستویانە ناسنامەی نەتەوایەتی بسڕنەوە، هەلَبەتە ئەو کردارەشیان بەبەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بوە و ستراتیژیەت و تاکتیکی گونجاو و لە باریشیان بۆ داڕشتوە. ڕاگواستنی بە کۆمەلَی خەلَکی کورد لە سەر زیٚدی باب و باپیرانیان و پراکتیزە کردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کورد نشینەکان بەهیٚنانی هاوولاَتی عەرەب بۆ ئەویٚ و پاداشتکردن و دابینکردنی خانوو کوردستان بەتایبەتی شاری هەلَبجەی شەهید، کە لە چاو چوقانیٚکدا زیاتر لە (5000) پیٚنج هەزار کەس بەگازی قەدەغەکراوی کیمیاوی خنکیٚران و بە دەیان هەزارانی دیکەش بریندار بوون و کە تاوەکو ئیٚستاش ئاسەوارەکانی ئەم گازە کیمیاویە بەردەوامە و خەلَکی ئەو ناوچەیە بەدەستیەوە دەنالیٚنن زنجیرە یەك لە دوایەکەکانی ئەو تاوانانەن. وەلیٚ لوتکە و ترۆپکی هەمووئەو تاوانانە خۆی لە (شالاَوەکانی ئەنفال) دابینیەوە. کە بە پرۆگرامیٚکی داریٚژراوی رژیٚمی عیٚراق بەریٚوە چوو بەلَی تاوانیٚك کە چەند مانگیٚك لە (26 یشوبات تا 6 ئەیلولی 1988) لە هەشت قۆناغی جیاجیادا بەبەرچاوی ولاَتانی جیهان و کۆمەلَگەی نیٚو دەولَەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و (UN) و ریٚکخراوەکانی مافی مرۆڤ رویداو زیاتر لە سەد هەزار هاوولاَتی کوردی سیڤیل تیایدا شونبزرکران هەروەها ویٚرانکردنی زیاتر لە (2000)[1] گوند کەلەبەلَگە نامەکانی حکومەتدا واناویان هاتووە کە (سوتاوە)، (تیٚکدراوە)، (تەختکراوە)، (پاکسازی کراوە) لانی کەمیش دە دەوازدە شارۆچکەی گەورەو مەلَبەندی بەریٚوەبردن (قەزاو وناحیە) هەمان شتیان بەسەرهاتووە، بەلاَم بەداخەوە کەسیٚك دەنگی لیٚوەنەهات و دنیا لیٚی بیٚ دەنگ بوو، تەنانەت ڕوو ناوەڕۆکی ئەم تاوانە بیٚ ویٚنەیە لەگەلَ ئاستی گەورەیی و دڕندانەی نەبوونە کەرستەو هەویٚنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و نەورژیٚنران، پیٚویستە ئەوەش بگوتریٚت کەبەر لە شالاَوەکانی ئەنفالی سالَی 1988 دا پیٚشتریش سیاسەتی جینۆسایدی کوردان بەچەند شیٚوازیٚك ئەنجامدراوە. بۆ نمونە لە سالاَنی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بەدەیان هەزار هاوولاَتی کوردی فەیلی شونبزر کران و لە سالَی 1983 دا و (8000 ) هەشت هەزار هاولاَتی بارزانی بەپرۆسەیەکی داریٚژراوی رژیٚمی عیٚراق بیٚسەرو شویٚنکران.

دیارە کۆمەلَگەی نیٚو دەولَەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) و ولاَتە زلهیٚز و بالاَ دەستەکان بەرپرسیاری یەکەمن بەرامبەر ڕوودانی ئەو تاوانە بیٚ ویٚنەیە ، بیٚگومان دابەش بوونی جیهان لەوکاتدا بەسەر دوو جەمسەر (بلۆکی ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا) و بەیەك گەیشتنەوەی بەرژەوەندییەکان یەکیٚك لە هۆکارەکانی داپۆشین و شاردنەوەی ئەو تاوانانە بوو، ئەوەتە ولیەم والدگریٚف ( Wiliam

[1]. ئەو ژمارەیە (2000) هەزار گوند لەبەشیٚکی بەلَگە نامەکانی رژیٚمدا هاتووە، ئەمە جگە لەو بەلَگانەی تاکو ئیستا ئاشکرا نەکراوەن دەنا لەڕاستیدا زیاتر لە(4000) هەزار گوندو دیٚهاتی کوردستان لە ئۆپەراسیۆنەکە ویٚرانکران و هەروەها ئەگەر براوەردیٚك لەگەلَ سەرژمیٚری سالَی 1997 عیٚراق لەگەلَ ئەوانەی پیٚشووتر کە کراوەن بکریٚت بۆمان روون دەبیٚتەوە زۆر لە گوندە و شارۆچکەکانی ئەو سەردەمە لە سەر نەخشەی عیٚراق نەماوەن بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە لە ژیٚر دەسەلاتی رژیم دابوون تا کو پرۆسەی ئازادی عیراق .

Waldgrave) وەزیری دەوڵەتی بەریتانی بۆ کاروباری دەرەوەی وڵاتی کۆمنوێلس لەوتارێکدا بۆ پەرلەمانی بەریتانی پێش شەڕی دووەمی کەنداو لە 1990/4/5دا[2] بە باشی ئەوەمان بۆمان روون دەکاتەوە کە ئەم وڵاتانە لەکاتی مامەڵەو ئیش کردنیان پڕانسیپی (لیس هناك فی السیاسە صدیق دائم او عدو دائم بل هناك مصالح دائمە) یان ڕەچاو کردوەو بەرژەوەندییەکانیان لەبەرایی وپێشینەی هەموو کارو هەنگاوێك داناوە هەروەها چەندین کۆمپانیای ئەمریکایی و بریتانیایی و ئەوروپایی بە پێی بەڵگەنامەی روون ئاشکرا یارمەتی عێراقیاندا لەدروستکردنی چەکی کۆکوژی، لە وانەش کۆمپانیای هوڵندی (مەلەفی فرانس وان ئانرات) بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن، ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و رووداوانەی کە هاتنە پێشەوە و لە دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق و ئاشکرا بوون و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ کە بەڵگەی واقیعین لە سەر ئەو تاوانە، بۆیە پێویستە دەستبەجێ قوربانیان و زیان لێکەوتوانی قەرەبوو بکرێنەوە و تاوانباران و ئەنجامدەرانیشی بە سزای خۆیان بگەن، ئەم لێکۆڵینەوەیە کورتکراوەی لێکۆلینەوەیەکی تێر و تەسەلی ترە کە لە سنوری هەرێمی کوردستان لە (هەولێر، سلیمانی، دهوك و کەرکوك) بە شیوەیەکی مەیدانی لە 2006-2007 ئەنجامم داوە بەتایبەت باسی بارودۆخی و رەوشی ئافرەتانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەکات و لە هەر شوێنێك وەك نموونە 100 فۆرم پر کراوەتەوە لەگەڵ چاوپێکەوتنی مەیدانی لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و شایدعەیان و شایدحالەکانی شالاوی ئەنفال، هەروەها پشتی بە هەندێك سەرچاوە بە شێوەی کتێب ولێکۆلینەوە بەستووە لە هەمان کات بەشداری و هاوکارییەکی ترە بۆ زیاتر ناساندنی ئەم تاوانە بە جیهان و ڕای گشتی، لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجام و راسپاردەکان پێك هاتوە، (بەشی یەکەم) لایەنی تیۆری لێکۆلینەوەکەیە، لە باسی یەکەم مانا و چەمکی ئەنفال باسکراوە و لە باسی دووەمدا بە کورتی باس لە ستراتیژی رژێمی عێراق لەئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال دەخاتە ڕوو، لە باسی سێیەمدا لە کورتەیەك باسی جۆرەکانی جینۆساید دەکات (بەشی دووەم) ی لێکۆڵینەوەکە باس لە ئامانجی رژێمی عێراق لە ئەنفال کردنی ئافرەتی کورددا دەخاتە ڕوو، (بەشی سێیەم) باس لە ئەنجام و کارێگەریەکانی پرۆسەی ئەنفال لە سەر باری ئابووری و دەرونی و کۆمەلاَیەتی ئافرەتی کورد دەکات کە ئەویش کراوەتە سێ باس هی یەکەمیان باس لەو کێشە و گیروگرفتە ئابوورییەکانی کەس وکاری ئەنفال دەکات و لە دووەمیشیان باس ئەو کێشە و گیروگرفتە کۆمەلاَیەتیانە دەخاتە رو کە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دوچاری هاتوون لە باسی سێیەم لەودیاردەو نەخوشیە دەرونیانە دەکات کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زەق لەو کەس و کارانە بەدی دەکرێت، لێکۆڵینەوەکە کۆتایی دێت بە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوە لەگەڵ هەندێك لە پێشنیارو ڕاسپاردە بەو هیوایەی جێگای خۆیان گرتبێت و بە دواداچونیشی لە دوادا هەبێت، هەروەها داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هاتوو هەر کەم و کوڕییەك لە لێکۆڵینەوەکەدا بەدیکرا، هاوکات بە ڕەخنەو تێبینییەکان لێکۆڵینەوەکە بەهێزترو پوخت تر دەبێت، لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم بەشێك لەو ئەرکە نەتەوایەتییەی کە لەسەر شانمە سەبارەت بە خستنەڕوی هەندێك لە زانیاریو ڕاستی و ئەو نەهامەتی و مەینەتیانەی کە کەس وکاری ئەنفالکراوەکان بە دەستیانەوە دەناڵێنن ئەنجام بدەم.

## بەشی یەکەم

### باسی یەکەم :ماناو چەمکی ئەنفال

رەنگە چەمكو پێناسەی ئەنفال لەڕووی زمانەوانی (لغە) و زاراوەییەوە تاوەکو ئێستا لەلای زۆربەی زۆری خەڵك شتێکی نادیـارو نامۆبێتو ناوەڕۆکەکەشی- مەبەست لەبنجو بناوانی شالاَوەکە — ئاشکرا نەبوبێتو بگرە هەرکاتێك ئەم وشە عەرەبییە بـاس بکرێـت ئەوا دەسبەجێ دیمەنی ئەو دەیان هەزار مرۆڤە کوردە بێتاوانەمان بێتەبەرچاو کەبە پڕۆسەیەکی داڕێژراوو نەخشە بـۆ کێـشراو لەلایـەن رژێمی عێراقەوە بەچەند قۆناغێکی جیاجیا لەناوبردران.

[2]. ولیەم والدگرێف (Wiliam Waldgrave) وەزیری دەولەتی بەریتانی بۆ کاروباری دەرەوەی وڵاتی کۆمنوێلس لەوتارێکدا بۆ پەرلەمانی بەریتانی پێش شەڕی دووەمی کەنداو لە 1990/4/5دا دەڵێت: (خۆ دابڕین لەعێراق هیچ مومکین نییە، ئەمە شتێکە دڵی مونافیسەکانی ئێمە خۆش دەکات وبێکاریو بێ ئیشی لەوڵاتە کەماندا زیاد دەکات)

ئەنفال لەڕووی زمانەوانییەوە کۆی (نفل) ە بەواتای (غنیمە) دەستکەوت دێت [3] نـاوی سـورەتی هەشـتەمە لـە (قورئـان ) ی موسلّماناندا بە واتای ئەو دەسـکەوتە دێـت کەلـەکاتی شـەڕو تـالآن کردنـدا بەدەسـت شـەڕکەران کـەوتوە بـەزەبر و هێـز، لـەڕووی زاراوەییشەوە ماناکەی زیادە دەستکەوت دەگەیەنێت، ئەویش ئەومالّو سامانەیە کەبەشەڕ لەموشـریكو کـافران دەسـەنرێت، بـەپێی ئەحکامەکانی ئەم ئایەتە هەرچی دەستیان دەکەوت لە مالّ و مالاّت بۆ خۆیان دەبرد. تەنانەت ژن و منداڵەکانیشیان وەك (کەنیشکە) (جاریە) دەبردو پیاوەکانیشیان دەکوشتن. لەم بارەیەشەوە بۆچونی زانایانی ئیسلام سەبارەت بەواتاوچەمکی ئەنفال ئەوەیە کە (الأنفال هو الغنيمة اي كل نيل ناله المسلمون من اموال اهل الحرب) [4] واتە بریتییە لەو مالّەی کـە لەخـەڵکی شـەڕکەر دەسـت موسلمانان دەکەوێت، کەواتە ئەنفال لەڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە ئەو دەستکەوتو سامانو سەرو مالّەیە کە موسلّمانان بەزەبرو هێز لە موشریك و بتپەرستانو بێ باوەڕان سەندویانە. زۆربەی ئایەتەکانی سورەتی ئەنفال بـاس لەشـەڕو جیهـاد دژی موشـریکەکانو بـێ بڕواکانی قورەیش دەکات، لەسـەرەتای سـورەتەکەدا هـاتووە: ( (يسألونك عن الأنفال قل الأنفال لله والرسول فاتقوا الله واصلحوا ذات بينكم واطيعوا الله ورسوله ان كنتم مؤمنين) [5]. واتە دەربارەی ئەنفال پرسیارت لێ دەکەن —مەبەسـتی لـە (حەزرەتی محمد) ە -بڵێ ئەنفال هی خوداو پێغەمبەرە ترسی خوداتان بێتو کاروبـاری نێـوان خۆتـان چـاك بکـەنو ملکەچـی خـوداو پێغەمبەربن ئەگەر ئێوە بڕوادارن. هەر لەم سورەتەدا بەم شێوەیە بـاس لەچـۆنیەتیو ڕێگـای دابەشـکردنی دەسـتکەوتەکان (غنـائم) دەکات : (واعلموا انما غنمتم من شيء فان لله خمسه وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل) [6].

واتە بزانن ئەو دەستکەوتانەی کەلەشەڕدا وەدەستتان دەکەوێت پێنج یەکی بۆخواو پێغەمبەرو خزمو کـەسو یـەتیمو هـەژارو ڕێبـوارو نەدارەکانە، چوار بەشەکەی تریش دابەش سەر جەنگاوەران دەکرێت. دیارە هۆی هاتنەخوارەوەیئەم سورەتەو تەنانەت بایەخدانی خودی پێغەمبەر بەم بابەتەوە مەسەلەیەکە پێویستی بە وەستان هەیە لەسەریو لەهەمان کاتیشتدا شیکردنەوەیەکی زانسـتیو بابەتیانەشـی گەرەکە.

ئەگەر بێتو بگەڕێینەوە بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی (سبب نزول) ی ئەم سـورەتە ئـەوا بەتـەواوی لـەبنج وبنـاوانی ئێـشەکە دەگـەینو چەمکی ئەنفالمان بەچاکی بۆ ڕوون دەبێـتەوە کەئاخۆ چییەو ڕێیو شوێنی لەچی هاتووەو ناوەرۆکەکەشـی لـە چ سـۆنگەیەکەوە ئـۆقرە دەگرێت؟ (عبادەی کوڕی صامت) کە هاوەڵێکی پێغەمبەر (د.خ) بوە ڕاستیو دروستی بەسەرهاتو چیرۆکی ئـەنفالمان بۆدەگێڕێتـەوە کە لەچییەوە هاتووەو دەڵێت: (لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) چوین بۆ شەڕی بەدرو کەوتینە بەرامبەر کافران، خـودا دوژمنـی تێکـشکاندو کۆمەڵێك لەموسڵمانان نیشتنە سەریانو بەدوایانکەوتن بۆئەوەی زیاتر تێکیان بشکێنن، هەندێکی تر دەوری پێغەمبەریان گرت نەبادا هیچ زیانێکی پێبگا، کۆمەڵێکی تر کەوتنە دوای ئەو دەسـتکەوتو پاشماوانـەی کەبتپەرسـتان لـەدوای خۆیـان جێهـشتبوو گلێریـان کردەوە، بەم جۆرە کۆمەڵی موسڵمانان بونە سێ بەش، دوای ئەوەی دوژمن ڕاوکەرەکان گەڕانەوە گوتیان دەبێ ئـەم دەسـتکەوتانە بـۆ ئێمە بێ چونکە دوژمنمان بەزاندو تێکمانشکاندن، ئەوانەش کەلە چوار دەوری پێغەمبەر (د.خ) مابوونەوە مافی ئەو دەستکەوتانەیان بەخۆیان دا لەبەر ئەوەی کەپێغەمبەریان لەمەترسی پاراستوە، کەچی ئەوبەشەی دەستیان بەسەر دەستکەوتەکان داگرتبوو مکوڕ بـوون لەسەر ئەوەی کە مادام خۆیان دەستکەوتەکانیان کۆکردۆتەوە تەنها مافی خۆیانە بیبەن) [7].

---

3. خليل بن احمد الفراهيدى، كتاب العين الجزو (8)،گ2، مؤسسه دار الهجره 1990، ص(325).

4 الامام العلامه محمد جمال الدين القاسمى، المسمى محاسن التأويل، المجلد الخامس گ1، دار الكتب العلميه، بيروت لبنان 1997، ص(253).

5 سورەتی ئەنفال/ ئایەتی (1).

6 هەمان سورەت/ ئایەتی (41)

7. ابو عبدالله محمد بن احمد الانصاري القرطبي، الجامع لاحكام القران، المجلد الرابع، الجزء (8) دار احياء التراث العربي، بيروت لبنان، 1965، ص(5-6).

لێرەدا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێتو مرۆڤ بەسەریدا تێپەڕنەبێت ئەویش ئەوەیە کەلێکدانەوەی زانستیانەی وشەی ئەنفال لەم سورەتەدا ئەوە دەردەخا کە (جەنگاوەرانی بەرایی سوپای ئیسلام ولەشکرکێشیان بۆناوچەکانی ناوەوەو دەرەوەی دورگەی عەرەب چەند بەتەماحی سەرو ماڵ هەڵمەتیان بردووە هەتا دەستکەوتیان دەستبەکەوێ، تەنانەت ئەم مەسەلەیە بەخودی پێغەمبەر (د.خ) چارەسەرنەکراوەو کێشەکە یەکلا نەکراوەتەوە بەڵکو بەپشت بەستن بەسورەتی قورئان توانیویەتی کێشەکانی دەستکەوت ببڕێنتەوە [8].

لەوە وەبۆمان دەردەکەوێت کەوا (ئەنفال) ئۆپەراسیۆنێەکە دژی بێبڕواو موشریکەکان ئەنجامدراوە، هاوکات بۆ سەر دەمێك بوە کە دەسەڵاتی ئیسلام ئەوەندە بەهێزنەبوەو لەسەرەتای جێگیربوون بوە ئەویش بۆ خۆچەسپاندنو خۆگرتنەوەو دەربازبوون لە لەناوچون دەگەرێتەوە، هەر بۆیە ناونانی ئەو شاڵاوە بە ناوی (ئەنفال ) دژی نەتەوەی کورد لە لایەن رژێمی عێراقەوە شەرعیەت دان بوە بەو سیاسەتە جاهیلیەی رابردوو هەروەك نەتەوەی کوردیان بە (کافر و موشریك ) دانابێت بەو دەردەیان برد، ئەوەتا لە چاو پێکەوتنیك کە لەگەڵ ئافرەتێکی بادینان [9]ئەنجامم داوە دەڵێت: ئازار و ئەشکنجەی زۆریان داین بە بەر چاومان کەسوکاریان فەلاقە دەکردین ئیمەش قورئان بە دەست لێیان دەپارایەنەوە بۆ (خاتری خودا بۆ خاتری پێغەمبەر) بەسە، بەڵام حەرەسەکان بە دەم پێکەنینەوە جرتێکیان بۆ لێدەدایان پێیان دەووتین ئێوە (نە خواتان هەیە نە پێغەمبەر).

## باسی دووەم :ستراتیژی رژێمی عێراق لەئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال

ستراتیژی پرۆسەی ئەنفال لە ناو بردنی بە کۆمەڵی نەتەوەی کوردو بڕانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد بوو، هاوکات پرۆسەیەکی دڕندانەی رقی رژێمی عێراق بوو بۆ لە ناوبردنی شۆرشی سیاسی و چەکداری کورد هەروەها مەبەستی شێواندنی سروشتی کوردستان لە ڕووی جوگرافی و دیمۆگرافیشەوە بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەکانی کوردستان بوو، چونکە لە ئایدۆلۆژیەتی رژێمی بەعس هەموو ئەوکەمە نەتەوانەی کەلە ناو خاکی عەرەبدا دەژین بیانین و هیچ مافێکیشیان ناکەوێت.

هاوکات ئەم پرۆسەیە لێدانێکی کوشندە وئامانجێکی سەرەکی رژێمی عێراق بوو بۆ لاوازکردن و ئیفلیج کردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان چونکە ئەم پرۆسەیە هەر بە تەنها سڕینەوەی مرۆڤی کورد نەبوو بگرەئەو (شاڵاوە پەلەوەر و مەڕو ماڵات و بەرزە وڵاخ و زۆر باڵدار و گیانلەبەری تری گرتەوە کە لەگەڵ لە ناوچونی گوندەکان و ئاوەدانیدا ئەمانیش لە ناو چوون کەوا مەزەندە دەکرێت خۆی لە 5 ملیۆن سەر ئاژەڵ و مەڕو ماڵات بدات ). [10]

ئەمە جگە لە ئۆتۆمبێل و مەکینەو ئامێرەکانی کشتوکاڵی و ئاش و حەوزی ماسی و شانەی هەنگوین کە بەرێژەیەکی زۆر لە ناوچون هەروەها جگە لەرەزو و باخ و زەوی کشتوکاڵی چەمێکی زۆری داری چنارو بی و داری خانووبەرە و وشك بوون و لە ناو چوون و سوتان، هەروەها وێرای سەرهەڵدانی گێروگرفتی بێکاری سەدان هەزار خەڵك کە ئاسەوارێکی نێگەتیڤانەی لەسەر روخساری کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی نواند.

ئەم دیدو بۆچونە بەناو ستراتیژیەتی رژێمی عێراق بەشێوەیەکی پراکتیکیانە لەساڵی 1988 دا ئەنجامدرا و پرۆسەی ئەنفال لە ناوچە کوردنشینەکان لە بەرچاوی هەموو جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و سەرجەم کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی جێبەجێکرا.

## باسی سێیەم: جێنوساید

---

8. مەلا بەختیار، ئەنفالو ئایدۆلۆژیەتی (بعث)، گۆڤاری (ئەنفال) ژ (1)، سلێمانی، 2000، ل(23).

9. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئافرەتێکی دەربازبووی ئەنفال لە دهوك –ئابی 2005

10. مەلا شاخی ،ئەنفالی خالخالآن، ، چاپی یەکەم سلێمانی–2001

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەعریفو پێناسەی جینۆسـاید ئـەوا ئـەم وشـە نوێیەبـەمانای کردەوەیـەکی کـۆن بەشـێوە نوێبـاوو گـۆڕاوەوە (modern deve lopment) لەوشەی کۆنی یۆنانی (Ginos) ڕەگەز عەشـیرەتو وشـەی لاتینـی (Cide) کوشـتار پێـك هاتووە.ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەم جار لەساڵی 1933 لەکۆنفراسێك لەشاری مەدرید لەلایەن پرۆفسیۆ (رافایل لیمکین) ( Rafhal Lemkin) بەکار هاتوەو بەنوسینیش لەساڵی 1944دا تۆمار کراوە،. ئەو هەڵومەرجە رامیاری وکۆمەڵایەتیو ئابورییەی کەدوای شەڕی دووەمی جیهانی هاتە ئاراوەو وڵاتانی بەگشتی بەرەو بارێکی دیکەی هەڵسوکەوتو کارکردن لەڕووی زۆر بابەتی جیاجیـاوەبرد، دوای ئەوەی نازییەکان قەڵا چۆی جولەکەو رۆمانەکانیان کردو لەگەڵ کۆتایی هاتنی شـەڕو دامەزرانـدنی نەتـەوە یـەکگرتووەکان ئـەم وشـەیە لەسـاڵی 1948 لەبەڵگەیـەکی نەتەوەیەکگرتووەکانـدا بـەناوی (پەیماننامـەی قەدەغـەکردن و سـزادانی جینۆسـاید) (Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide) ناسرا کەئـەویش رێکەوتننامەیەکە بۆ قەدەغەکردنو سزادانی تاوانی جینۆساید بەپێی بڕیاری ژمارە 2670 لە 29ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1948 دا لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەند کراو لە12ی کانوونی یەکەمی 1951دا چوە بـواری کارپێکردنـەوە، ئـەم رێککەوتننامەیـە پێناسەی جینۆساید واشـیدەکاتەوە کەئـەو کارانـەی بەمەبـستی تێکـدانو هەڵتەکانـدنی گـشتی یـان بـەش بـەش ئـەنجام دەدرێـن دژبەکۆمەڵێکی نەتەوەیی ئەتنیکی یائایینیو شتی لەم چەشنە، دیارە ئەم رێککەوتننامەیە شێوازێکی یاسایشی بەخۆوە گـرت وەکـو زاراوەیەکی یاسایی بەکار هێنرا، بەڵام هەموو کوشتارو ڕەشکوژییەکی بەجینۆساید دانەنا، چونکە جینۆساید کوشـتارێکی تایبەتییـە کەلە ماددەی دووەمی پەیمانەکەدا بەم شێوەیە هاتووە [11] : جینۆساید بەمانای هەر کام لەم کردەوانەی خوارەوەیە کەبەنیێـەتی لـەناو بردنی تەواو یان بەشێك لەگروپێکی نەتەوەییو ئێتنی ڕەگەزی یان ئاین ئەنجام بدرێ.

یەکەم: کوشتنی ئەندامانی گروپەکە (جینۆسایدی فیزیکی).

دووەم: داسەپاندنی ئیجرائاتی وا کەمەبەستی پێشگرتن بێ لـەزان (منـداڵ بـوون) لـەناو گروپەکـە یـان زیـان گەیانـدنی جەسـتەیی بەئەندامانی گروپەکە (جینۆسایدی بایولۆجی).

سێیەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لەخوێندندا یان لەنوسینو گوزارشـتدا، یـان ڕێپێنـەدانی بڵاوکـراوەی (بیـستراو بینـراو خـوێنراو (جینۆسایدی کلتوری)

چوارەم: ئیفلیج کردنی ژێرخانی ئابووری ولە ناو بردنی سروشت و خاپوور وێران کردنی بەروبوم وبە تاڵان بردنی سەروەت سامانی خەڵك (جینۆسایدی ئابووری)

بە پێی لێکۆڵینەوەکان کاتێك سەیری شاڵاوەکانی ئەنفال دەکەین دەتوانین بڵێن لە شاڵاوەکانی ئەنفال هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا پەیرۆ کراوە، هەروەها لەسەرەتای پەیمانەکەدا هاتووە کە جینۆساید تاوانێکە دەکەوێتە ژێر یاسای نێو نەتەوەیی ولەدژی کیانو ئامانجی نەتەوەیەکگرتوەکانەو دنیای شارستانییەت مەحکومی دەکا، بێگومان تاوانێکی واگەورەو تۆقێنەر دەبێت سزاشی بۆ دانرابێ، مادەی سێی پەیمانەکە دەڵێت [12] ئەو کردەوانەی خوارەوە سزا دەدرێـن:-

أ- جینۆساید.

ب- پیلان گێڕان بۆ جینۆساید.

ج- هاندانی راستەوخۆ بەگشتی بۆ جینۆساید کردن.

د- هەوڵدان بۆ جینۆساید کردن.

هـ- بەشداریکردن لەجینۆسایددا.

---

[11] . د. ئەمیری حەسەن پوور، بەرو تێگەیشتنو بەربەرەکانی کردنی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال،سەرچاوەی پێشوو، ل(11).

[12] . هەمان سەرچاوە، ل(12).

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە جینۆساید لە کوردستاندا لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بەرامبەر بە ڕەگەزی کورد هەر بە تەنها بە هێرشەکانی ئەنفالەوە نە بەسراوەتەوە بەڵکو رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق لە سەدەی رابردوو تاوەکو روخانی لە2003/4/9بەردەوام و بە زۆرە ملێ کوردانی لە جێگاو ماڵی خۆی وە دەرناوەو لە ناوی بردون، سیاسەتی کۆچ پێکردنی زۆرە ملێی گوندنشینەکان و وێرانکردنی دوو دیاردەی ئاشکرای جێبەجێکردنی جینۆسایدن کە ڕژێمی عێراق کردوونی، هەروەها دەرکردن و بێسەرشوێنکردنی دەیان هەزار کوردی فەیلی لە سالەکانی 1979-1980، بێ سەرو شوێنکردنی نزیکەی (8) هەزار بارزانی لە ساڵی 1983 دا وکیمیا بارانکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە ساڵانی 1987-1988 دا.

.

**بەشی دووەم**

## ئامانجی حکومەتی عێراق لە ئەنفالکردنی ئافرەتدا

کارەساتی ئەنفال وێرای ئەو هەموو تاوانانەی دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامدرا زیاتر برینی کوردانی قوڵتر کردو ئاسەوارێکی نێگەتیڤانەشی لەسەر روخساری کۆمەڵگەی کوردەواری جێهێشت و هەروەها کاریگەرییەکی گەورەو بە هێزیشی لەسەر ژیانی کۆمەلآیەتی خەڵکی کوردستاندا نواند کە خێزان بە پلەی یەکەم دێت. چونکە خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە و کۆمەڵیش لە رێگەی خێزانەوە دەتوانێت زۆر لە ئەرك و مافەکانی جێبەجێ بکات و بەسەریاندا زاڵ بێت، هەروەها خێزان بناغەو بنەرەتی دروست بوونی هەموو نەتەوەیەکە کە بەچەند قۆناغێك تێدەپەرێ و بەسەری دادێ تاکو نەتەوەکە دروست دەبێت ،دیارە ئافرەتیش وەکو توێژێکی سەرەکی کۆمەڵ و رەگەزێکی کاریگەر تیایدا بەشی هەرە زۆری ئەو زەرەرو زیانانەی بەرکەوت و بوە قۆچی قوربانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بەد ناوە، لەو چاوپێکەوتننانەی کە لەگەڵ شایەت عەیانەکانی گەراوە لە ئەنفال ئەنجامم داوەن دەتوانین بڵێن کە پاش گرتن و کۆکردنەوەی خەڵکەکە ، ژن و پیاو لە یەکتر جیاکراونەتەوە ئینجا پیاوەکان پاش ئازارو ئەشکنجەیەکی زۆر بۆ شوێنی نادیار گواستراونەتەوە، بەهەمان شێوە ئافرەت و منداڵە کانیان.

سوکایەتی کردن بە رەوشت و کەرامەتی ئافرەتان و ئازاردانیان دوور لە هەموو داب و نەریتێکی مرۆڤایەتی یەکێك بوە لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی رژێمی عێراق لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا، (وە کاتێك پیاو و ئافرەتەکان لە یەکتری جیاکراونەتەوە، جەلادەکان دەست درێژیان کردۆتە سەر ناموسی ئافرەتەکان و تەعدایان لێکردوون).[13]

ئافرتێکی هەلآتوی عەرعەر دەلێت: (رۆژی وا هەبووە دوانزە پیاو هاتونەتە لام و دەست درێژیان کردۆتە سەر نامووسم).[14] هەروەها ئافرەتێکی دەرباز بوو بە ناوی ئامینە[15] لە چاوپێکەوتنێك کە لەگەڵم سازداوە دەلێت : کچەکانیان جیاکردەوە بۆ مەبەستی خۆیان بۆ ئەوەی ئابرومان بەرن هەموومان تا بەیانی لە ترسا خەو نەهات بە چاومان هەر جارێ دەهاتن کامە کچ جوان بوو دەیان برد لەکاتی گەرانەوەش چاو بە فرمێسك وشپرزە بوون (گریان مەجالی قسە کردنی پێ نەدا بەدەم هەنسکەوە بە سەرهاتی خۆی ئاوا گێرایەوە) شەوی دووم بوو کە لە توبزاوا بووین شەو درنگانێك بوو چوار عەسکەر هاتن بۆ ناو قاعەکەمان هەموومان ترسا بووین لە ترسان سەری خۆمان خستبوو خوارەوە لە ناکاو دەستێکی رەشی گەورە قۆڵمی گرد, قۆرگم پر بوو لە گریان حەزم ئەکرد ئەو کاتە مردمایە

---

13. تیشکێك لەسەر نرکە و ناڵەی بەناو ئەنفالەکان، لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا، زنجیرە (1) ل (9).

14. هەمان سەرچاوە، زنجیرە (3)، ل (10).

15. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامینە ئافرەتێکی دەربازبووی ئەنفال لە کەرکوك =ئاياری 2005

منو سیانیتریان پەڵکیش کردو برد , تا دەرنگانی شەو بەزۆر شەق وپیَلاقە سەمایان پیَکردین و سوکاتیان پیَ دەکـردین جینویـان بـە کورد دەدا دواتریش بە زۆر دەستدریژیان کردە سەرمان بەیانی کە بە هۆش خۆمان هاتینەو ە جلو بـەرگمان خوینـاوی و دڕابـوو هـەر چوارمان سەرمان پیَکەو ناو گرییان عەسـکەرەنامردەکان کـە ئیَمیـان وا بینـی بـە قۆنـاغی تفـەنگ لیَمانیانـدا دواتـر بـۆ قاعەکـە گواسترابنەوە لەم سیَ شەوە خۆم چەند جار ئەم شتەم بەچاوی خۆم بینی بەلام هیچ کاممان نەماندەویَرا قسەیەك بکەین.

ریَکخراوی (MEW) لەو بروایە دایە کە (دەنگوباسیَکی زۆر ترسناك هەیە کەوا لە بـارەی کۆمـەلیَکی گـەورەی کـچی عازەبـەوە دەدویَ گوایە بە جیا لە بەندییەکانی تر دایانناون و بەردەوام ئەمنەکان دەست دریَژیان کردونەتە سەر، هەروەها باسـی ئەمـەش هەیـە کە یەکیَك لەو ئافرەتانە لە ئەنجامی ئەم کارەدا خۆی بە چەقۆیەك کوشتوە، دەست دریَژی کردنەسەر ئـافرەتی بەنـدکراو لـە عیَـراق دا لەهەموو شویَنی زیاتر بەڵگەی بە دەستەوە بووی هەیە و تەنانەت وا زانراوە کە لە سەرکاسـیَتی ڤیـدیۆش تۆمـار کرابیَـت).[16] کـە بیَگومان ناوەرۆکی ئەم قسانە زۆر مانا لەسەر ئەو تاوانانە هەڵدەگریَت کە دەرهەق بە ئافرەتی کورد ئەنجام درابیَـت. ئـەوەی جیَگـای قیَزلیَبونەوەیە کە رژیَم ئەنجامی دابیَت ئەوەیە کە ویَرای سوکایەتی کردن بە ئافرەتان و ئازار دانیان رژیَم کەوتە مامەڵە و سـەودایەکی تر ئەویش فرۆشتنی ئافرەتان بوە، هەروەك چـەرخەکانی ناوەڕاسـت و کـڕین و فرۆشـتنی بەنـدە (عبـد) و گەڕانـەوە بـۆ سیـستەمی (عـبودیە).

لەم بارەیەوە زۆر بەڵگە هەن کەوا ئەفسەرەکانی سوپای عیَراقی هەڵساون بە فرۆشتنی ئافرەتی کورد تەنانەت بۆ ولاتانی دەرەوەش بە تایبەتی ولاتانی کەنداو، (کنعان مکیە) دەلیَت: (بەر لەوەی برۆمە باکوری عیَراق گویَبیستی گەلیَك چیرۆکی سەیر و سەمەرەو نامۆ دەبوم وەك ئەوەی ئافرەتە کوردەکان چۆن لە بازارە پەرتووبلاوەکانی کەنداو فرۆشراون.[17] هەروەها باس لە روداویَك دەکات کە (شوفیَریَکی کورد لە ریَگای بەغدا- عومان کاری کردوە کاتیَك ئۆتۆمۆبیلەکەی لە ریَگای نزیك شاری رومادی لە کارکەوتوە دوو ئافرەتی کورد لیَی نزیك بونەتەوەو بە زمانی کوردی لەگەلیَدا دواون و داوایان لیَکردوە بیانگەیەنیَتە سلیَمانی، پاش گفتوگۆ لە نیَوان ئافرەتەکان و شوفیَرەکە پیَیان گوتوە کە ئەوان لە کاتی شالاَوی ئەنفالەکان سالّی 1988 دەستگیرا کراون و ئەفسەریَکی سوپای عیَراقی فرۆشتونەتییە شیَخی عەشیرەتیَك لە رومادی).[18]

هەروەها لە چاوپیَکەوتنیَك کە لەگەڵ مام الماس[19] ئەنجامم داوە، دەلیَت: حەرەسەکان ووتیان سیَ میَسری هاتوون دەلیَن ئیَمە هاتووین بۆ ژنی کورد کە حکومەتی عیَراق دابەشی دەکات. ئەم سیَ میَسریە لە بەسرەوە هاتبوون نووسراویان پیَبوو. ئەفسریَك کە ناوی (سەردار) بوو ئەو رۆژە ئیشکگر بوو لە بارەگای سەرکردایەتی ئەوان لای (سەردار) وتبویان هاتووین بۆ ژنی کورد ئەویش پیَی ووتبوون تابەیانی مەسئولەکەمان دیَت من ناتوانم هیچ شتیَك بکەم، کە بەیانی (ناتق) واتە (سەرۆکی سۆپای میللی) هات من لەناو باخچەکەدا ئیشم دەکرد، سەردار بە ناتقی ووت سیَ میَسری هاتوون بۆ ژنی کورد و نووسراویشیان پیَیە، منیش تا ئیَستا زانیاری وام نییە کە ئایا ئەم شتە هەیە یان نا؟ کە قسەکانی تەواو بوو، (ناتق) ووتی منیش زانیاریم نییە دەرۆم بۆ (فرع) واتە فرعی کەرکوکی حزبی بەعس. بزانم شتی واهەیە یان نا، ناتق رۆیشت و نیو سەعاتیَکی پیَیَچوو و هاتەوە، بەسەرداری ووت ئەو سیَ میَسریە بهیَنن پیَیان ووتووم بۆیان جیَبەجیَ بکەم، لەگەڵ خۆیدا لە ئۆتومبیلیَکی قیادە سواری کردن چوون بۆ سەربازگەی تۆبزاوا، کە هاتنەوە

---

16. MEW ، وەرگیَڕ سیامەندی موفتیزادە، هەمان سەرچاوە، ل(403).

17. کنعان مكيه، القسوة والصمت، الحرب والطغيان والانتفاضة فی العالم العربی، اربیل/1996،ل (160).

18. کنعان مکیە، سەرچاوەی پیَشوو، ل (161).

19. چاوپیَکەوتن لەگەڵ الماس هەیاس فەرمانبەری دائرەی زراعەی کەرکوك –باغەوانی تایبەتی((نائیب محافڤ، قائیدی جەیشی شەعبی کەرکوك، مەسئولی فەرعی کەرکوکی حزبی بەعس)
کەرکوك –ئابی 2005

بارەگای سەرکردایەتی، هەر سێ مێسریەکە سێ ئافرەتی کوردیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، بە چاوی خۆم هەرسێ ئافرەتەکانم بینی بە جل و بەرگی کوردی تەمەنیشیان 18 بۆ 20ساڵان دەبوو، ئەو کاتە بۆ زانیم ئەنفالەکان لە تۆبزاوان.

ئافرەتە گیراوەکان جۆرەها ئازاری لەش دراون و ئەوپەری سوکایەتی و ئیهانەیان پێکراوە ئەوە لەو چاوپێکەوتننانەی کە لەگەڵ شایەت عەیانەکان ئەنجام دراوەن کە کاتی خۆی گیراون و لە لێبوردنە گشتیەکەی 1988/9/6[20]ئازاد کراون ئەو ڕاستیانە دەردەخەن. لە یەکێك لەو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ ئافرەتێکدا ئەنجام دراوە دەڵێت: (سەربازێکم بینی ناوی بە عبدالقادر عبداللە دەبرا کە پیاوی حەجاج [21] بوو ئاقمێ ئافرەتی گەنجی دابوە بەرشەق و تێهەڵدان و بەسۆندەی پلاستیکیش هاتبوە وێزەیان ئەم ئافرەتانە تازە لە دبزەوە هاتبون).[22] ئەوەتا ژیان[23] لە چاوپێکەوتنێك کە لەگەڵم سازداوە کە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال لەگەڵ دایکی لە سەربازگەی دوبز دەست بەسەر بوون دەڵێت:"ڕۆژێك یەکێك لە ژنەکان چونکە حامیلە بوو ژانی منداڵ بوونی گرت ژنەکانی تر داوایان لە حەرسەکان کرد تاکو هێندی شتی پیویستیان بدەنێ بەلام ئەوان لە جیاتی یارمەتی دان گەورەی خویان ئاگادار کردەوە نزیکەی 10 کەس دەبوون هاتن بە دیار دیمەنی منداڵ بوونەکە ڕاوەستان دەستیان کرد بە جێنودان و گاڵتە و پێکەنین هەموو ژنەکان هیوایان دەخواست ئەوکاتە مردەبان و ئەمەیان نەدیبا منیش هیچ کات ئەمم لە بیر ناچێتەوە.

تەنانەت (حەجاج کاتێك ئافرەتێکی حامیلەی ببینیبایە بە و سۆندەیەی دەستی لە سکی ئەو ئافرەتەی دەداو دەیگوت ئەمانە لاوو زۆڵە کوردن).[24] ئەوەتا مام نوری یەکێك لەشاهید عەیانەکانی بەندیخانەی نوگرە سەلمان لە کاتی گێرانەوەی بە سەر هاتی خۆی بۆ من کە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ساز دابوو چەند جارێك ناوی عەجاجی هێنا لێم پرسی مام نوری عەجاج کێ بوو ؟ ووتی مدیری سجنەکە ناوی (حەجاج) بوو ناویشی عبداللە بارقە بەڵام لە بەر دڵڕقی ئەو ناز ناوەیان داوەتە هەرچی ئەمر و ئەشکنجە دان و شتی خراپ بوو لە لای ئەو دەر دەچوو، ئەو هەر بە دەستی خۆی لە بەر چاوی ئیمە حەوت کەسی بەدار کوشت , ئەو سووکایەتی بە ئافرەتەکان دەکرد و ئەو ئافرەتانەی سکیان هەبا بە سۆندە لە سکی دەدان دەیگوت ئەوانە کوردن نابێ بێمینن، هەروەها دەڵێت" عسکرەکان زۆر جار دەهاتن چەند ئافرەتێکیان دەبرد کاتێك دەگەڕانەوە ناو قاعەکە کزو مات دەبوون ئەگەر نەگەڕابانەوە ئەوە کەس نەی دەزانی چییان لێ بە سەر دەهات، پرسیم ئەی ئافرەتەکان هیچیان نەدەووت ووتی نا بەس خۆ ئیمە گێل نەبووین دەمانزانی بەڵام دەسەلاتمان نەبوو.

هەروەها زۆر لە دیمەنی ترسناك و جەرگبڕی تر کە بەندییەکان لە بەندیخانەکانی ڕژێمیان بینیوە وەك (ئافرەتی بەقژ هەڵواسراو کەمەمکیان بڕابۆوە یان چاویان هەڵکۆڕابوو نینۆکەکانیان هەڵکێشرابوو). [25] شاهید عەیانێکی تر لە بەندیخانەی نوگرە سەلماندا دەگێڕێتەوەودەڵێت: (لە چرقەی گەرمای هاویندا ڕۆژانە یەك دوو ئافرەتیان ئەهێنا دەرەوە و بە عەمودەکانی ناو حەوشەی بەندیخانەکە هەر لە بەیانی تاکو نیوەڕۆ ئەیانبەستنەوە هەتا ئەبورانەوەو نەدەبوایە کەسیش نزیکیان بکەوێتەوە شەوانیش کە سەربازەکان سەرخۆش دەبوون بە زۆری لولەی چەك و لە ژێر هەڕەشەدا گۆرانیان پێ دەگوتن و هەڵپەڕکێیان پێ دەکردن). [26] **ژیانیش بەدەم ئاهێك ووتی" هەر دوو سێ شەو جارێك کچ و ژنە گەنجەکانیان کۆ دەکردەوە بە زۆری شەق پێڵەقە هەڵپرکێ و گۆرانیان پێدەووتین**

---

[20] .لە بەڵگەنامەکانی ڕژیم بە پێی بریاری ژمارە (736)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لە 1988/9/6 ڕژێمی عێراق بڕیاری لێبوردنی گشتی (عفو عام)ێکی ساختەی دەرکرد، زۆربەی ئەوانەی کە بڕوایان بەو بڕیارە کردو خۆیان تەسلیم بە ڕژێم کرد شوێنبزرکران و لەناو بردران

[21] . ملازم اول عەدنان کەبە (حەجاج) ناوی دەرکردبوو، گەنجێکی کەتەی کەچەڵ کەسێکی ترسناکی قیزەوەنی سەر بەبارەگای ئەمنی بەغدا بووە، بەرپرسی بەندیخانەی نوگرە سەلمان بووە، لە دڕندایەتی کردن و ئازاردانی بەندکراوەکان ناوبانگی دەرکردبوو.

[22] . MEW، وەرگێڕ سیامەندی موفتیزادە، هەمان سەرچاوە، ل(403).

[23] . چاوپێکەوتن لەگەڵ ژیان ئافرەتێکی دەربازبووی ئەنفال خەلکی گەرمیان لە هەولێر=ئاداری2006

[24] . تیشکێك لەسەر نرکە وناڵەی بەناو ئەنفالەکان سەرچاوەی پێشوو، زنجیرە (1)، ل (6).

[25] . تیشکێك لەسەر نرکە و ناڵەی بەناو ئەنفالەکان سەرچاوەی پێشوو، زنجیرە (1)، ل (7).

[26] . عەدالەت تالەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل (68).

**ئەوەی بە قسەی نەکردەبان بە قامچی لێیان دەدا دوایش چەند کەسیکیان دەهێشتەوە و ئەوانی تریان روانەی قاعە دەکردەوە ، کاتێك دەهاتینەوە ناو قاعەکە هەموومان پێکەو دەگریاین لەبەر بێدەسەلاتی خۆمان زۆر بێتاقەت بووین رۆژی سەد جار مەرگی خۆمان دەخواست دەمووت دایە خۆزگە من لە جیاتی خوشك و براکەم مردبام چوونکە چەند جار لە سەربازگەی دوبز سووکایەتیم دەرهەق کراوە و سووکایەتی بە رەوشت و کرامەتم کراوە، هەرکات بە بیرم دێتەوە ئازارێك هەموو ئیسقانم دەسووتێنێت"** مام نوریش[27] دەڵێت" نوگرەسەلمان دۆزەخێك بووە بەخۆیەوە ئەگەر ئێوە دۆزەختان بیستووە ئەمە دۆزەخ بوو ئێمە بینیمان، نیوەرۆیان ئەیان هێنانیە دەرەوە بۆ بەر خۆرەکە سەعات و نیوێك دەبا سەیری خۆرەکە بکەین ئەوەی تەماشای نەکردایە لێیان ئەدا، ئەوە تەعزیبێکی زۆر قورس بوو بۆ ئیمە چونکە تەمووز بوو گەرمایەکی زۆر بەتین بوو. ئێمەش ئەو تاقەتەمان نەمابوو، خەڵك هەبوو ئەبورایەوە هەبوو لەو تەعزیبدانەدا دەمرد و ئیمەش هەر بە مەیتی دەمانبردنە ژوورەوە، جار هەبوو شەو رۆژێك ئەو مەیتە دەمایەوە و بۆگەن دەبوو دوایش هەر بە ئیمەیان دەناشت شەش کەسیان ئیزن دەدا بۆ ناشتنی جەنازەیەك، لە وانەی کە مردن ئافرەتێك بوو ناوی (فاتمە محمد) کە ئامۆزای خێزانەکەی من بوو خەڵکی گوندی (تورکمان باخ) بوو، چوو لە وحەشەکەدا ئاو بهێنێت تەنکەرێکیان لەوەێ دانا بوو، تا دەستی برد بۆ ئاوەکە سەربازێك بە هەموو تینی خۆی شیشێکی کێشا بوو بە پشتیدا، تا هێنامانە ژورەوە مرد. هەر لە خەڵکی گوندەکەی ئیمە نزیکەی10 کەس مردن. ئینجا ئەوەی داوای نان یان ئاوی بکردایە دەیان گرت و سەرەوخوار دەیان کرد بەداردا و پەڕۆیان لە بەر لوتیان دەسوتاند".

ویرای ئازاردانی لەش، ئافرەتە بەندکراوەکان ئازارێکی دەرونی ئێجگار زۆر دراون بۆ نمونە بەوە ئازار دەدران کە نەیاندەزانی چی بەسەر مێردو براو باوکیان هاتوە، یان نەیاندەهێشت مردووەکان بەرێزو حورمەتەوە بنێژرێن کە ئەوەش کاری دەکردە سەر دەروونی زیندانیەکان و لە ناخەوە دەیانڕماندن، رێکخراوی (MEW) لەسەر زاری ئافرەتێك دەگێریتەوە کەوا (لەپاش چەند هەفتەیەکی کەم مێردەکەم لە باوەشمدا مرد، ئەوتا دەهات بارێك و بنێس دەبوو پاسەوانەکانی بەندیخانە زۆر بەخراپی دارکارییان کردبوو، لاشەکەی شەو ورۆژێك لە قاوشی بەندیخانە دا مایەوەو پاسەوانەکان نەیانهێشت بینێژن و زۆریان لێ پارامەوە بەلاّم گاردێك ڕێك و ڕەوان وتی لاشەکە دەبێ لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە تا دەگەنێ). [28] ئەوەتا مام نوریش دەڵێت: پاش چوار مانگ لە نۆگرە سەلمان نەخۆشەیەکی تێکەوت شەوی وا هەبوو (30- 40) کەس دەمرد. هەموو ئەوانەی دەمردن لەشیان رەش دەبوو رەق دەبون بە جۆرێك باریك و بەنیس دەبوون کەس نەیدەناسینەوە، هەموشی لەبەر پیسی و بێ خواردنی بوو، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا یەك کەس خۆی نەشۆری.

ئاسەوراە نێگەتیڤەکانی ئەنفال لەسەر ئافرەت تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامە و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیاد بوندایە بە تایبەتی ئەو ئافرتانەی کە پیاوەکانیان تاوەکو ئێستا بێسەرو شوێنن و روبەڕوی کۆمەڵێك گیروگرفتی خێزانی بونەتەوەو چارەنووسیان نادیارە، هەروەها ئەو ئافرەتانەی لە کاتی ئەنفال بەر شالاّوەکە کەوتون و گیران و لەبەرامبەریاندا ئەوپەڕی بێویژدانی و تەنانەت سوکایەتیشیان دەرهەق ئەنجامدرا، دیارە ئامانجی سەرەکی رژێمی عێراق لە ئەنجامدانی ئەم کردارە بەد ئەخلاقیە تەنها بۆ ئەوەبوە کە بنەماکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆڵەگەی خێزانی کورد بروخێنن و دواتریش لەناوی ببەن.

## بەشی سێیەم

### ئەنجام و کارێگەریەکانی پرۆسەی ئەنفال لە سەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەرونی ئافرەتی کورد

پرۆسەی بەدی ئەنفال وێرای قاتوقڕکردنی گەلی کورد و وێرانکردنی کوردستان و تێکدانی ژێرخانی ئابووری، گەلێك دەردەسەری و نەخۆشی کۆمەڵایەتی لە دوای خۆی بەجێهێشت کە تاوەکو ئێستاش پاشماوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن،

---

[27]. چاوپێکەوتن لەگەڵ نوری عبدالرحمن دەربازبووی ئەنفال خەڵکی گوندی جەلەمۆردی ناحیەی ئاغجلەلەری قەزای چەمچاڵە–هەولێر–نیسانی 2005

[28]. MEW ، سەرچاوە پێشوو، ل(399–400).

ڕاستە ئەم پرۆسەیە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەبێ جیاوازی گرتەوە، بەڵام هەروەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد ئافرەت بەشی هەرە زۆری ئەو نەهامەتی و دەردەسەریانەی بەرکەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێکان کران ئەویش بۆ مردنی لەسەرەخۆو تێکدانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و شکاندنی کەسایەتیان بەهەموو جۆرێك، [29] چونکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە (89.57%) ئەو ئافرەتانەن کە پیاوەکانیان ئەنفالکراوە ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕێژەی پیاوی خێزاندار زۆر زیاتر لە ئافرەتی خێزاندار ئەنفالکراوەو شونبزرکراون، چونکە سیاسەتی ڕژێمی عێراق مەبەستی لە ناوبردنی گەنجی کوردە بۆ ئەوەی هێزی بەرهەم هێنی کوردستان لەرەگ و ریشەوە هەڵتەکێنێ، ڕژێم دەیزانی ئەگەر پیاوەکان ئەنفال بکات ئافرەتە خێزاندارەکان شووناکەنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریتی کورد کە شەرمە ئافرەتی خاوەن منداڵ شوبکاتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر چارەنوسی مێردەکەی بزربێت. لەو بەشەدا- کە دوابەشی لێکۆڵینەوەکەیە- باس لەو دیاردەو گیروگرفتە ئابووری و کۆمەلایەتی و ئەو دیاردە و نەخۆشیە دەروونیانە دەکەین کە باڵیان بەسەر کەس و کاری ئەنفالکراوەکان داکێشاوە بۆ ئەوەی ئاگاداری بارودۆخی ژیان و هەڵس و کەوت وچارەنوسیان بین.

## باسی یەکەم :گیرو گرفتی ئابووری

کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال سەرەڕای ئەوەی کەس و کاریان ئەنفال و بێسەروشوێن کران ماڵ و سەروەت و سامانیان لە لایەن ڕژێمی رووخاوی بەعس بە تالآن بردرا وەك ئاشکرایە گرنگترین سەرچاوەی بژێوی ژیانی گوندنشینەکانی کوردستان چاندنی بەروبومی کشتوکاڵی بووە وەك لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە کشتوکاڵ بە ڕێژەی (71,48٪) و بەڕێژەی (18,42٪)ئاژەڵداری بووە، کە لە پاش شالأوەکانی ئەنفال خیزانی کەس و کاری ئەنفال کراو سەرچاوەی سەرەکی بژێویان لە دەست دا، بۆیە دەتوانین بلێین ئەم بەشە چالاك و بەرهەمهێنە بوون، بە کۆمەڵێکی بێکار ئەمەش بە خۆی زەرەرو زیانێکی ئابووری بوو کە یەکەم بە کوردستان و دووەم بە کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال کەوت. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە گیروگرفتی ئابووری زیاتر باڵی بەسەر ئافرەتەکان داکێشاوە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کەس و کاری ئەنفال کراوەکان سەرچاوەیەکی بژێوی ژیانیان نیە و لە بێکاری و بێ دەرامەتی ڕەنج دەبەن.

خشتەی ژمارە1 پیشەی ئافرەتی کەسوکاری ئەنفال پیش شالأوی ئەنفال

| ژن وکچی ماڵەوە | | جوتیاری و کشتوکاڵ | | دامو دەزگای حکومی | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 385 | 96.2 | 11 | 2.8 | 4 | 1 | 400 | 100 |



لە نمونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە خشتەی ژمارە (1) بۆمان دەردەکەویت کە پێش شالأوی ئەنفال پیشەی ئافرەت لە ناو کەسوکاری ئەنفال بە ڕێژەی (96,2٪) ژن و کچی ماڵەوە بوونە و لەدەرەوەی ماڵ هیچ کارێکیتریان نەکردوە، لەهەمان کاتدا (2.8٪) جوتیارن و کاری کشتوکاڵیان کردوە وەك هاوکاری کردن لە خیزاندا. هەروەها (1٪) ی لە دام و دەزگای حکومی خزمەتگوزار بووینە بەلام پاش شالاوەکە چونکە زۆربەی پیاوەکانیان ئەنفال کراون وئافرەتەکان خۆیان سەرپەرشتی خێزانەکانیان دەکەن بۆیە دەبینین هەموو ئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان کەوتۆتە سەرشانی ئافرەت و ئافرەت بوەتە سەرپەرشتیاری ماڵ و هەر لە پەروەردەکردنی منداڵ و

29. **لەتیف فاتیح فەرەج**، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (1)

ئیش و کاری ناوماڵ و کار کردن لەدەرەوە بۆ پەیدا کرنی بژێوی رۆژانە ،چونکە وەك لە خشتەی ژمارە (2) دەرکەوتووە زۆربەیان هاوسەری دووبارەیان هەڵنەبژاردۆتەوە، کە رێژەی (96٪) پێك دێنن کە ئەمەش زیاتر دەگەرێتەوە بۆ نادیار بوونی چارەنووسی هاوژینیان و دابونەریتی کۆمەڵگا هەروەها پەروەردە کردنی مندالەکانیان.

خشتەی ژمارە (2) دووبارە چوونەوە ناو ژیانی هاوسەری

| شووکردنەوە | | شوونەکردنەوە | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە |
| 384 | 96 | 16 | 4 | 400 | 100 |



ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسمان کرد بووە هۆی گۆران لە پیشەی ئێستایان رێژەکان وەك لە خشتەی ژمارە (3)دا هاتووە بەم شێوەیە گۆرانیان بەسەردا هاتووە رێژەی (73.53٪) ژن و کچی ماڵەوەن و لەدەرەوەی ماڵ هیچ کارێك ناکەن رێژەی (6,4٪) قوتابین کە ئەم رێژەیە لە پێش شالاوەکانی ئەنفال بەدی نەدەکرا ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە رژێمی عێراق هەردەم هەوڵی داوە گەلی کورد بەنەخوێندەواری بهێڵێتەوە، تاوەکو لەرووی پێشکەوتنو پەرەپێدانی کۆمەلاَیەتیو رۆشنبیریەکان بەدوا کەوتویی بمێنێتەوەو لە رەوتی کۆمەڵگەکان دابڕێ لە هەمان کاتدا رێژەی (6, 8٪ ) کرێکاری و کاری کشتوکاڵی دەکەن کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی رۆژانەی خۆی و مندالەکانیان هەر وەك پێشتر باسمان کرد هەروەها رێژەی (1, 3٪) کاری پیشەی دەست وەك دۆرمان و گۆلی دەستکرد و تەنوری نان لە قۆر دروست دەکەن (27, 2٪) لە دام دەزگاکانی حکومەت کاری خزمەتگوزاری دەکەن بە رێژەی (6,1٪ ) لە رێکخراوەکانی ناحکومی کار دەکەن، لێرەدا ئەگەر بمانەوێت بەراوردێك بکەین لە نێوان کار و پیشەی رەگەزی مێینەدا لە پێش ئەنفال و پاش ئەنفال بکەین ئەو گۆرانکاریانە بەدی دەکەین کە لە کار و پیشەی ژنان و کچان بەجێماوەی ئەنفالدا هاتووتە ئاراوا ك ئەویش دەگەریتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە لەئەنجامی شالاَوەکاندا بەسەر خێزانی کورد داهات بۆ نموونە هەژاری، گۆرینی جێو شوێن، بێ سەرپەرشتیاری خێزان.. هتد، هەروەها دەتوانین بە سلبی بە ایجابیش لە قەڵەمی بدەین.

خشتەی ژمارە (3) پیشەی ئافرەتی کەسوکاری ئەنفال پاش شالاَوی ئەنفال

| ژن و کچی ماڵەوە | | قوتابی | | کرێکاری وکشتوکاڵ | | پیشەی دەست | | دامودەزگای حکومی | | رێکخراوی ناحکومی | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە |
| 295 | 73.5<br>3 | 26 | 6.4 | 34 | 8.6 | 12 | 3.1 | 9 | 2.27 | 24 | 6.1 | 400 | 100 |



بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە سەرچاوەکانی بژیوی ژیانی کەسوکاری ئەنفال هەر وەك لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە دەتوانین بڵێین تێكو پێکدانی بنەماو ژێرخانی ئابووری دێهاتی کوردستان وای کرد کەبارودۆخی ئابوری کوردستان بەرەونەهامەتیو ناریکیو ناهەمواری بچێتو دووچاری ئیفلیجی ببێتو نەتوانێ خۆی لەسەر پێ رابگرێ، بێگومان ئەوەش بوە هۆی بەربلاوبوونەوەی بێکاریو

هەژاری لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانداو ئاسەوارە نێگەتیڤە کانیشی تاوەکو ئەمڕۆ دیارو لەبەرچاون، هەر بۆیە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە ناچاری بۆ دابین کردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانیان پشت بە بە هەندێك سەرچاوەی ئابووری دەبەستن کە کەموکۆرییەکانی ژیانیان پڕ ناکاتەوە، لە نمونەی لێکۆلینەوەکەدا وەك لە خشتەی ژمارە(4) دەرکەوتووە ڕێژەی (25,03٪) ئەو خێزانانەی کە ڕێکخراوە مرۆیە ناوخۆیی و بیانیەکان یارمەتی دراوەن، ڕێژەی (74, 37٪) مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە لە لایەن حکومەت وەك (دەزگای شەهیدی پێشوو و وەزارەتی پێشمەرگە و چاودێری خێزان و خانەنشینی و کارگوزاری)، ئەوانەی خزم و کەس و کاریان یارمەتیان دەدەن لە جیاتی قەرەبوو کردنەوەی زەرەر و زیانیان و بژێوی ژیانیان ڕێژەی (3.69٪) پێك دێنن، بەڵام ڕێژەی (33,54٪) هیچ جۆرە یارمەتییەك نەدراون نە لەبری زیانەکان و نە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەیان ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ بژێوی ژیانیان پشت بە وەرگرتنی بڕی خوراك کە مانگانە بەستووە کە ئەویش وەك هەموو لایەك ئاگادارن ماوەیکی زۆرە بە کەموکۆریەکی زۆر دابەش دەکرێت هەروەها دەتوانین بڵێین کەسوکاری ئەنفالەکان ئەو بڕە یارمەتییە کەمەی کە لە حکومەت و ڕێکخراوەکان وەریدەگرن لە بەر گرانی بازار و کری نیشتەجێبوون چارەسەری کێشەکانیان ناکات بەلام دەتوانین بلێین لە هیچ باشترە.

خشتەی ژمارە(4)سەرچاوەی بژێوی ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پاش شاڵاوی ئەنفال

| ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی و بیانی | | حکومەت | | خزم و کەسوکار | | هیچ جۆرە یارمەتیەك وەرناگرن | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 100 | 25.03 | 151 | 37.74 | 15 | 3.69 | 134 | 33.54 | 400 | 100 |



هەر بە پێی ئەو لێکۆلینەوەیە لە خشتەی ژمارە(5)دا بۆمان دەرکەوتووە بە ڕێژەی (74,42 ٪) کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کێشەی نیشتەجێ بوون و خانووبەرەیان هەیە و لە هەمانکات بە ڕێژەی (25.53) هیچ جۆرەکێشەیەکیان نیە.

خشتەی ژمارە(5)کێشەی نیشتەجێبوونی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان

| کێشەی نیشتەجێ بوون و خانوو بەرە | | کێشەی نیشتەجێ بوونیان نیە | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 298 | 74.42 | 102 | 25.53 | 400 | 100 |



## *باسی دووەم:* دیاردە گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ شلەژان و پەرتەوازەبوونی کۆمەڵگەی کوردەواری و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان یەکتریدا، هەروەها بوە هۆی نەهێشتن و تێکدانی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری کە بنچینە و بنەمای سەرەکین بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی. نەخۆشی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی پاشماوەی ئەنفال گەلێك زۆرن لەوانە:

### ا- سەرپەرشتیاری خێزان:

بێگومان هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد کە خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵەو کۆمەڵیش لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانێت زۆر لە ئەرك و

مافەکانی بەجێ بینێت، وە کاتێك سەرپەرشتیاری ئەو خێزانە بەهەر هۆیەك بێت نەمێنێت ئەوا سیستەمی بنەڕەتی دوچاری بارێکی نا ئارامی و ناجێگری دەبێت لە دواییدا ئاسەوارێکی خراپی بەسەردا دێت. ئەگەر بەراوردێك لە نێوان باری خێزان و سەرپەرشتیاری بکەین لە پێش ڕوودانی شالآوەکانی ئەنفال و دوای ڕودانەکەش ئەوا هەندێك ڕاستیمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە سەرپەرشتیاری خێزان چ ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە پێشخستن و سەرکەوتنی خێزاندا، لە پێش شالآوەکانی ئەنفال وەك لە خشتەی ژمارە(6) دەرکەوتووە سەرپەرشتیاری خێزان بە ڕێژەی (90,12٪) لە ژێر دەسەلآتی پیاو بووە بەرامبەر (9,88٪) کە لە ژێر دەسەلآتی ئافرەت بووە، بەلام ئەم ڕێژەیە لە دوای شالآوەکانی ئەنفال گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە وەك لە خشتەی ژمارە(7) بوومان دەرکەوتووە بە ڕێژەی (34,45٪) لە ژێر دەسەلآتی پیاو و بە ڕێژەی (65,55٪) لە ژێر دەسەلآتی ئافرەت دایە لە ناو خێزانی کەس وکاری ئەنفالکراوەکان ،ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە ڕێژەی پیاوان زۆر بەر شالآوەکە کەوتونە بەرامبەر بەرێژەی ئافرەت، لێرەدا پێویستە بڵێین ئافرەت بۆتە قۆچی قوربانی ئەم تاوانە چێ وەك ئەوانەی لە شالآوەکە ئەوپەری سووکایەتیان دەرهەق کراوە و بێسەروشوێن کران چێ وەك ئەوەی هەموو مەینەتیەکانی پاش ئەنفال بۆ ئەوان بە جێماوە بۆیە هەر وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەبینین هەموو ئەرکە کۆمەلآیەتی و ئابوورییەکان کەوتۆتە سەرشانی ئافرەت کە ئەوەش بوتە هۆی تێك چوون و شلەژانی خێزان و پەیوەندییە کۆمەلآیەتیەکان و گۆڕانی سیستەمی پەروەردەیی لە ناو خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا.

خشتەی ژمارە(6) سەرپەرشتیاری خێزان پیش شالآوی ئەنفال

| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| دەسەلآتی پیاو | | دەسەلآتی ئافرەت | | کۆ | |
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 360 | 90.12 | 40 | 9.88 | 400 | 100 |



خشتەی ژمارە(7) سەرپەرشتیاری خێزان پاش شالآوی ئەنفال

| دەسەلآتی پیاو | | دەسەلآتی ئافرەت | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 138 | 34.45 | 262 | 65.55 | 400 | 100 |



لە ئەنجامی ئەم گۆرانە هەروەك لە خشتەی ژمارە(8) دەرکەوتووە بە پێی پیشەی ئیستای ئافرەتەکان کە پێشتر باسمان لێوە کرد بە ڕێژەی (20٪) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفال لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن ئەمە جگە لە ئەوانەی کە قوتابین .

خشتەی ژمارە (8) کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی مال

| کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | | کارکردن لە ناو ماڵ | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 80 | 20 | 320 | 80 | 400 | 100 |



بۆیە دەبینین وەك لە خشتەی ژمارە(9) دەرکەوتووە ڕێژەی (52,5٪) ئەو ژنانەی لـە دەرەوەی مـاڵ کاردەکـەن لـە کـاتی کـارکردن منداڵەکانیان لە ماڵەوە بە جیَ دەهێڵێن و بە ڕێژەی () منداڵەکانیان لە لای کەسوکار یان لەگەڵ خۆیان دەبن کە لـەم ڕێژەیـەیش وەك لە خشتەی ژمارە(10)دا دەرکەوتووە ئەو ئافرەتانەی منداڵەکانیان لە ماڵەوە بەجیَ دەهێڵێن منداڵەکانیان تووشـی کێـشەوگیروگرفت دەبنەوە کە بەرێژەی(31٪) منداڵەکان تووشی کارەساتی جیاجیا بونەتەوە وەك (سووتان , شەر و ئاژاوەنان , کەوتنە خواروە لە سـەر بان و بە ژێر سەیارە کەوتن و....) هەروەها بەرێژەی (15٪) تووشی لادانی کۆمەلایەتی بونەتەوە

خشنەی ژمارە(9) جێهێشتنی منداڵ لە کاتی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ

| جێهێشتنی لە ماڵ | | جێهێشتنی لای کەسوکار | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 42 | 52.5 | 38 | 47.95 | 80 | 100 |



خشنەی ژمارە(10) کێشەوگیروگرفتی منداڵان لە کاتی جێهێشتنیان لە ماڵ

| کارەساتی جیاجیا | | لادانی کۆمەلاَیەتی | | بیَ کیشە | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 13 | 31 | 6 | 15 | 23 | 54 | 42 | 100 |



هەروەها وەك لە خشتەی ژمارە(11) دەرکەوتووە خۆدی ئافرەتاکانیش لە کاتی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ تووشی کێشە و گیروگرفت بۆنەتەوە وەك دەستدرێژی سێکسی لە لایەن خاوەنکار بە ڕێژەی (28٪) و بە ڕێژەی (6٪) تووشی لادانی کۆمەلاَیـەتی و بـە ڕێـژەی (16٪ ) تووشی شەرو ئاژاوە لەسەر کەمی مووچە لەگەڵ خاوەنکار بوونەتەوە.

خشتەی ژمارە(11) گیروگرفتی ئافرەتی کەسوکاری ئەنفال لەکاتی کارکردن دەرەوەی ماڵ

| دەستدرێژی سێکسی | | شەروئاژاوە لەگەڵ خاونکار | | لادانی کۆمەلاَیەتی | | بێکێشە | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 22 | 28 | 13 | 16 | 5 | 6 | 40 | 50 | 80 | 100 |



## ب- دیاردەی نەخوێندەواری:

ئاشکرایە نەخوێندەواری کوشندەترین نەخۆشییە کەدووچاری کۆمەڵ دێتو بەهۆیەوە ئەم کۆمەڵە دوادەکەوێت ولەرەوتی کۆمەڵگەکانی تر دادەبڕێ. شالأوەکانی ئـەنفال زۆر دیـاردەو نەخۆشـی کۆمەلأیـەتی لێکەوتـەوە، نەخوێنـدەواریش یەکێکـە لـەو دیاردانـە ئـەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە لەئەنجامی شالأوەکاندا بەسەر خێزانی کورد داهات بـۆ نموونـە هـەژاری، گـۆڕینی جـێ و شوێن، بێ سەرپەرشتیاری خێزان.. هتد، هەموویان فاکتەری سەرەکین کەوایان کردووە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بە ڕێژەیەکی بـەرز بەنەخوێندەواری بمێننەوە، هەروەها ئەوەشمان لەبیرنەچێت کەرژێمی عێراق هەردەم هەوڵی داوە گەلی کورد بەنەخوێندەواری بهێڵێتـەوە، تاوەکو لەڕووی پێشکەوتن و پەرەپێدانی کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیریەکان بەدوا کەوتویی بمێنێتەوەو لە ڕەوتی کۆمەڵگەکان دابڕێ بۆ نموونـە نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکان، بـەپێی خـشتەی ژمـارە(12) بۆمـان دەرکـەوتووە کـە ڕێـژەی نەخوێنـدەواری ئـافرەت لـەخێزانی ئەنفالکراوەکان لە (77,33%) ە کە بەرزترین ڕێژەیە بەرامبەر بە (3,68%) کەخوێنـدەوارن (بـەمانای ئـەوەی دەزانـن بخـوێنن و بنوسن) لەکاتێکدا لە (10,42%) خاوەن بڕوانامەی سەرەتایین، بەلأم ئەوانەی بڕوانامەی ناوەندییان هەیە ڕێژەکەیان لە (5,23%) وە سەبارەت بە ئاستی دواناوەندی و پەیمانگا و زانکوکان ڕێژەکەیان (3,34%) کە هۆی کەمی ئەم ڕێژەیە دەگەرێتەوە بـۆ خراپـی و ئالۆزی باری ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و هەروەها پێگەی کۆمەلایەتی ئافرەتی کورد کە ڕێگا لە خوێندنیان دەگیرێت.

خشتەی ژمارە(12) خوێندەواری ئافرەت لە ناو خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراو

| نەخوێندەوار | | خوێندن و نووسین | | بڕوانامەی سەرەتایی | | بڕوانامەی ناوەندی | | دوا ناوەندی و پەیمانگا و زانکۆ | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 309 | 77.33 | 15 | 3.68 | 42 | 10.42 | 21 | 5.23 | 13 | 3.34 | 400 | 100 |



## ج- گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون و لەدەست دانی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری

هەرکۆمەڵگەیەك کە شڵەژا، ئەوا بێگومان زۆر لە بنەما سەرەکییەکانی لە دەست دەدا یان گۆڕانی بەسەر دادێت، شالأوی ئـەنفال کە بناغە و پرانسیپە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە شێوەیەکی گشتی خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە تایبەتی تێـك و پێکدا و کاری کردە سەر داب و نەریتی کلتور و فلکلوری ڕەسەنی کوردەواری بۆ نمونە گۆڕینی (شێوەیە جـل و بـەرگ، داب ونـەریتی جەژن، جۆری هەڵپەرکێ و گورانی ووتن، حەکایەت و مەتەڵی کوردی، سلووکی هاموشۆ کردن، شێوەزاری قسەکردن و...) بە جۆرێك کە وەك لە خشتەی ژمارە(13) بۆمان دەرکەوتووە بە ڕێژەی لە (62,23%) ئافرەت لە خێزانی ئەنفالکراوەکان دوای گۆڕانی شوێنی

دانیشتن و لەبەر دابڕانیان لە خزم و کەس و کاریان بە ناچاری وازیان لە داب و نەریت وکلتوری رەسەنی خۆیان هێناوەو پەیڕەوی داب و نەریتی کۆمەلاَیەتی ئەو شوێنە دەکەن کە تێیدا نیشتەجێ کراون لە هەمان کات بە ڕێژەی (37.77) گۆرانیان بەسەردا نەهاتووە.

هەروەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد ئافرەت بەشی هەرە زۆری ئەو نەهامەتی و دەردەسەریانەی بەرکەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێکان کران، ئەمەش ئامانجێکی گرنگی رژێم بوە لە پلان دانان و پیادەکردنی شالاَوەکانی ئەنفالدا بەرامبەر بە خەلَکی لادێنشین ناوچەکانی کوردستان کە خاوەن داب و نەریت و کلتوری رەسەنی کوردەواری ونەتەوەیی بوون.

خشتەی ژمارە(13)کاریگەری شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر کلتوروداب ونەریتی رەسەنی کوردەواری

| گۆران | | نەگۆران | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 249 | 62.23 | 151 | 37.77 | 400 | 100 |



## باسی سێیەم: دیاردەو نەخۆشیە دەرونییەکان

دیاردە و نەخۆشیە دەرونییەکان لە ئەنجامی ئەو زەبرە دەروونیەیە کە مرۆڤ تووشی دەبێت (زەبری دەروونی ئەو کاتە ڕوودەدات کە کەسێك ڕووبەرووی ڕووداوێکی ناخۆشی کتوپڕ یان چاوەروان نەکراوی لە ناکاو دەبێت و لە ئاکامدا توانستەکانی تاك بۆ بەرنگاربوونەوەی ئاسایی تێکدەچێت و دەشلەژێت وەك بە گوللە بریندار بوون ئازار و ئەشکنجەدان دەستدرێژی سێکسی، مردنی لە ناکاوی کەسێکی ئازیز و نزیك، کاتێك زەبری دەرونی چارەسەر نەکرێت خاوەنەکەی تووشی چەندین فشاری دەروونیتر دەکات و بۆ کەمکردنەوەی کاری ئەو زەبرە ڕێگاچارەی کاریگەر نادۆزێتەوە، هەروەها ئەگەری تووشبوونی ئەو تاکە بە نەخۆشیە دەروونیەکان زۆر دەبێت وەك: (خەموکی، دلَەراوکێ، نەخۆشی جەستە دەروونیەکان (سایکۆسۆماتی )، تێکچوون و شلَەژانی کەسایەتی و... تاد) [30].

ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە ڕوخساری کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و لە بارودۆخی کۆمەلاَیەتی و تەندروستیان بکۆلَینەوە ئەوا بە ئاشکرا ئاسەواری ئەو نەخۆشیانە بە دیاردەکەوێت. لەم لێکۆلَینەوە مەیدانیدا کە لەگەلَ ئافرەتەکانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ئەنجامدراوە وەك لە خشتەی ژمارە(14) دەرکەوتووە بە ڕێژەی (76٪) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوچاری کۆمەلێك دیاردە ونەخۆشی دەرونی وەك دلَەراوکێ، خەمۆکی، ترس، لەهۆش چوون وفراموشی...هتد هاتوون) کەوا لە خوارەوە باسیان دەکەین ، هەروەها بە ڕێژەی (24٪) تووشی هیچ جۆرە دیاردەونەخۆشی دەروونی نەهاتوون .

خشتەی ژمارە(14)ڕێژەی تووشبوونیئافرەت بە دیاردە ونەخۆشیە دەروونییەکان

| توشبووان | | تووشنەبووان | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 304 | 76 | 96 | 24 | 400 | 100 |



[30]. د.کریم شەریف قەرەچەتانی ،سایکۆلۆژیای ڕێنمایی دەروونی ،زنجیرەی بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەییژمارە (26)، چاپی یەکەم، هەولێر2005،ل (57-58)

## ا- دلّەراوکێ:

دلّەراوکێ جۆرێکە لە هەلّچونی دەروونی و تاڕادەیەکی زۆر لەترس دەچێت لە کـاتی ترسـناکیداو ئەمـەش دەم دەم ڕوودەدات یـان بەشێوەیەکی هێواش دەست پیێ دەکات ئینجا وردە وردە زیاد دەکات، دلّە ڕاوکێ کەس لیێ رزگار نابێت و هەموو کەسـێك دوچـاری دەبێت بەکەم و زیادەوە ئافرەت زیاتر دوچاری دەبێت وەك لە پیاو بەرێژەی 2٪ بۆ1٪ ، وەك لە خشتەی ژمارە(15) دەرکەوتووە کە بە رێژەی (26,98 ٪) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دووچاری دلّەراوکێ هاتوونـە کـە ئـەوەش رێژەیـەکی زۆرە بـە بەراوررد لەگەلّ هەندێك لە نەخۆشیە دەرونییەکانی تر.

## ب- ترس، تۆقاندن :

ترس هەلّچوونێکی دەرونییە کە مرۆڤ توشی دەبێت، یەکێکە لە حالّەتەکانی دلّەراوکێ یـان پەرچـدانەوەی هۆکـارێکی دیـار، وەك ترس لە تاریکی و شوێنی داخراوو سوار بوونی هۆکانی گواستنەوە، فرۆکە، کەشتی، شەمەندەفەر یان ترس لە شوێنی بەرز، بـە پیێـی لێکۆلینەوەکان (کاتێك لە ژیانی رۆژانە روبەروی هەرەشە و بڤـە ومەترسـی دەبینـەوە یـان سەرچـاوەی داهـات و بـژێومان روبـەروی نەهامەتی دەبێتەوە ئەو کاتانە هەلّچوونی ترس سەر هەلّدەدات) [31] کاتێك ترس لە سنوری ئاسایی خۆی دەرچووە مرۆڤ تووشی فۆبیا (تۆقین) دەبێت، هەر لەم لێکۆلینەوەیە لە خشتەی ژمارە(15) بۆمان دەرکەوتوە کە بە رێژەی (26٪) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تووشی ترس هاتوون کە ئەوەش بێگومان دەرەنجامی ئەو هەموو جەوروستەم و زەبرو قینەیـە کـە رژێـم بەرامبـەر بـە گەلی کوردی ئەنجامداوە، چونکە بیێ بەزەیی و دڕندەیی ئەو رژێمە و تاوانەبێوێنەکانی بوەتە هۆی خولقانـدنی حالـەتێك لـە تۆقانـدن، هەروەها پاش شالاَوەکانی ئەنفال کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە تایبەتی ئافرەتەکان ژیانیان بەردەوام لە حالەتێکی هەرەشە و مەترسی دابووە، کە ئەوەش بێگومان لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

## ج-- خەمۆکی (الکابە) :

خەمۆکی حالەتێکی دەروونی گشتیە توشی هەموو چین و توێژێك دەبێت، (زۆر هۆکاری وەك (نەبوونی، شەر ئاژاوەی نـاو خێـزان، مردنی کەسێکی نزیك، هەستکردن بە زولّم و ناهەقی سووکایەتی پێکردن ناخۆشی بەردەوام، ئـاوەرایی و دەربـەدەری) مـرۆڤ تووشـی خەموکی و دلّتەنگی دەکات) [32] (ئەم حالّەتەش رۆژ بەرۆژ لە زیادبواندایە بە تایبەتی لەو ولاَتانەی کە گۆڕانکاری خێرایان بەسـەر دا دێت وەك ناوچەی کوردستان کە لە بارودۆخێکی تایبەت دا دەژی). [33] هەر لـە خـشتەی ژمـارە(15)داهـاتووە کـە (24,39٪) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوچاری خەمۆکی هاتوون.

کە بێگومان ئەو رێژەیە بە هۆی ئەو بارە ناهەموار و دژوارەی کە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان تیایدا دەژین رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بوندایە و چاوەڕوانی چارەسەرێکی خێراو کتوپڕی لیێناکرێت.

## د– لە بیرکردن (النسیان) :

هێندی جار کارەسات و روداوی دلّتەزێنی جەستەیی یان دەرونی بە هێز دەبنە هۆی سرینەوەو لە ناوبردنی ژمارەیەك لە زانیـاری و رووداوی عەمبارکراوی ناو کۆئەندامی یادکردنەوە ئینجا هەندیك جار ئەو سرینەوەو لە بیرچوونەوەیە کاتیە هەندێك جار هەتا هەتایـە

---

[31]. د.کریم شەریف قەرەچەتانی– سایکۆلۆژیای گشتی– چاپی دووەم، هەولێر/2007–ل(125)

[32]. د.کریم شەریف قەرەچەتانی– سایکۆلۆژیای رێنمایی دەروونی ،زنجیرەی بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەییژمارە (26)، چاپی یەکەم، هەولێر2005،–ل(121)

[33]. محەمەد کەریم شەیدا نەخۆشیە دەروونیەکان و دەروون لەشییەکان (سایکۆماتی)یەکان، سلێمانی/2000، ل (68)

لە ئەنجامی زۆر لێکۆلینەوە، وەك مردنی خۆشەویستێك یان یادکردنەوەی روداوێکی دلتەزێن کە دەبێتە هۆی خورپەیەکی دەروونی کە کاردەکاتە سەر مێشك و دەبێتە هۆی لە بیر چوونەوە ئەمە لە خشتەی ژمارە(15) دەرکەوتووە (15,17٪) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە لێکۆلێنەوەکەیان لەسەر ئەنجامدراوە دووچاری لە بیر چونەوە هاتوون).[34]

## ه-لە هۆش چوون پەرکەمی (الصرع)

نەخۆشیەکی دەمارییە بریتیە لە پەشۆکی کاتی لە فەرمانەکانی دەماغدا کەبورانەوەی لەگەڵدایە ئەم پەشۆکیەش شیاوی دووبارەبوونەوەیە، دیارە ئەم نەخۆشییە دەروونییە وەك هەموو نەخۆشییەکانی تر لەلایەن کەس و کاری ئەنفالکراوەکانەوە زیاتر لەوانی تر بە دیار کەوتوە، لێکۆلینەوە مەیدانیەکە ئەوەی دەرخستووە وەك لە خشتەی ژمارە(15)دا هاتووە بەرێژەی (7,44٪) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوچاری ئەم نەخۆشییە هاتوون ئاسەوارێکی خراپیشی کردۆتە سەر باری خێزانی و دەروونی ئافرەت و کەس وکاری ئەنفالکراوەکان.

خشتەی ژمارە(15)جۆری دیاردە و نەخۆشیە دەروونییەکان

| دڵەڕاوکێ | | ترس و تۆقاندن | | خەمۆکی | | لە بیرکردن | | پەرکەمی | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە | ژمارە | رێژە |
| 108 | 26.98 | 104 | 26 | 98 | 24.39 | 60 | 15.17 | 30 | 7.44 | 400 | 100 |



ئەمانە و گەلێك دیاردەو گیروگرفتی دەروونی تر وەکو (دڵ تەنگی، شێت بوون، تووڕەبون، زۆر بیرکردنەوە...هتد ) کە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دووچاری هاتوون و تاوەکو ئێستاش بە دەستیانەوە دەناڵێنن وە ئەگەر لە ڕێژەی توش بوان بە گرفت ودیاردەو نەخۆشیە دەروونییەکان وردبینەوە دەبێنین شالاوەکانی ئەنفال لە روی دەرونیەوە کاریگەری زۆر خراپی هەبووە لەسەر خێزانە ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی ئافرەت و ئەندامانی کۆمەڵگا بەگشتی.

## دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆلینەوەیە دا دەکرێ ئەنجامە سەرەکییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە لێکبدەینەوە:

یەکەم: پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لە گەورەترین و درندانەترین تاوان- وێرای زنجیرە تاوانەکانی تر- کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامدرا بێت، بێگومان ئامانجی سەرەکی رژێم تیایدا پاکتاو کردنی نەژادی و برانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد بووە، ئەم تاوانە نا مرۆڤانەیە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر نەتەوەی کورد بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتی هەروەها زەرەروزیانێکی زۆریشی بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەبێ جیاوازی گەیاند.

دووەم: ئافرەت قۆچی قوربانی کارەساتی ئەنفالە، چونکە لە پاش شالاوی ئەنفال هەڵگری مەینەتیەکانی بەجێماوەی ئەنفال بوو،

34 ..کریم شەریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای گشتی- چاپی دووەم، هەولێر/2007-ل(228)

هەروەها هەموو ئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان کەوتووتە سەر شانی چونکە لە پێش شالآوەکانی ئەنفال سەرپەرشتیاری خێزان ڕێژەی (90,12%) لە ژێر دەسەلآتی پیاو بووە بەرامبەر کە (9,88%) لە ژێر دەسەلآتی ئافرەت بووە، بەلام ئەم ڕێژەیە لە دوای شالآوەکانی ئەنفال گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە کە بوەتە لە (34,45%) لە ژێر دەسەلاتی پیاو و بە ڕێژەی (65,55%) لە ژێر دەسەلآتی ئافرەت دایە لە ناو خێزانی کەس وکاری ئەنفالکراوەکان ئەوەش ئەوەمان بۆ رون دەکاتەوە کە ڕێژەی پیاوان زۆر بەر شالآوەکە کەوتونە بەرامبەر بەڕێژەی ئافرەت، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانە هەروەك لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کە بەڕێژەی (52,5%) ژنان لە کاتی کارکردن مندالەکانیان لە ماڵەوە بە جێ دەهێلێن کە لەم ڕێژەیەیش (31%) مندالەکان تووشی کارەساتی جیاجیا بونەتەوە وەك (سووتان , شەر و ئاژاوەنان , کەوتنە خواروە لە سەر بان و بە ژێر سەیارە کەوتن و....) هەروەها ڕێژەی (15%) تووشی لادانی کۆمەلایەتی بونەتەوە هەروەها خۆدی ئافرەتاکانیش لە کاتی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ تووشی کێشە و گیروگرفت بۆنەتەوە وەك دەستدرێژی سێکسی لە لایەن خاوەنکار بە ڕێژەی (28%) و بە ڕێژەی (6%) تووشی لادانی کۆمەڵایەتی و بە ڕێژەی (16% ) تووشی شەرو ئاژاوە لەسەر کەمی مووچە لەگەڵ خاوەنکار بوونەتەوە

سێیەم: وێڕای زەرەرو زیانی گیانی پرۆسەی ئەنفال کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر ژێرخانی ئابووری کوردستان و دوچاری ئیفلیجی و شلەژانی کرد، چونکە ئاشکرایە گوندو دێهاتەکان کە سەرچاوەی بنەڕەتی داهاتی کوردستان بوون بە گشتی وێرانکران و لە ناوبردران بەمەش ئابووری کوردستان روی لە کزی کردو بەرەو هەلدێرچوو لە لێکۆڵینەوەکە بۆمان دەردەکەویت کە پێش شالاوی ئەنفال ڕێژەی (96,2%) ژن و کچی ماڵەوە بوون و لەدەرەوەی ماڵ هیچ کارێکیانیان نەکردوە، بەلام پاش شالاوەکانی ئەنفال ڕێژەکان بەم شێوەیە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ڕێژەی (73,53% ) ژن و کچی ماڵەوەن و لەدەرەوەی ماڵ هیچ کارێك ناکەن ڕێژەی (6,4%) قوتابین کە ئەم ڕێژەیە لە پێش شالاوەکانی ئەنفال بەدی نەدەکرا لە هەمان کاتدا ڕێژەی (8,6%) کرێکاری و کاری کشتوکاڵی دەکەن هەروەها ڕێژەی (3,1%) کاری پیشەی دەست وەك دۆرمان و گۆلی دەستکرد و تەنوری نان لە قۆر دروست دەکەن (2,27%) لە دام دەزگاکانی حکومەت کاری خزمەتگوزاری دەکەن بە ڕێژەی (6,1%) لە ڕێکخراوەکانی ناحکومی کار دەکەن کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی رۆژانەی خۆی و مندالەکانیان هەر وەك پێشتر باسمان کرد،کە دەتوانین ئەم گۆرانە بە سلبی بە ایجابیش لە قەڵەمی بدەین.

چوارەم: تاوانی بەدی ئەنفال گەلێك دیاردەی کۆمەڵایەتی لێ کەوتەوە لە وانەش گورینی شوێنی نیشتەجێ بوون و کە ئەمەش بێگومان کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر کلتور و فلکلور وداب و نەریتی رەسەن و ڕەوشت و خەسلەتە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و بوە هۆی لە دەستدانی هەندێك لەوبنەما سەرەکیو پتەوانەی کە لە کۆمەڵگە دا بەدی دەکران کە بە ڕێژەی لە (62,23%) خێزانەکان دوای گۆڕانی شوێنی دانیشتن و لەبەر دابڕانیان لە خزم و کەس و کاریان بە ناچاری وازیان لە داب و نەریتی رەسەنی خۆیان هێناوە.

پێنجەم: سەبارەت بە نەخویندەواری کە ڕێژەی نەخوێندەواری ئافرەت لەخێزانی ئەنفالکراوەکان لە (77,33%) ە کە بەرزترین ڕێژەیە بەرامبەر بە (3,68%) کەخوێندەوارن (بەمانای ئەوەی دەزانن بخوێنن‌و بنوسن) لەکاتێکدا لە (10,42%) خاوەن بڕوانامەی سەرەتایین، بەلآم ئەوانەی بڕوانامەی ناوەندییان هەیە ڕێژەکەیان لە (5,23%) ەو سەبارەت بە ئاستی دواناوەندی و پەیمانگا و زانکوکان ڕێژەکەیان (3,43%) کە هۆی کەمی ئەم ڕێژەیە دەگەرێتەوە بۆ خراپی و ئالۆزی باری ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و هەروەها پێگەی کۆمەلایەتی ئافرەتی کورد کە ڕێگا لە خویندنیان دەگیرێت، دیارە ئەمەش گیروگرفتێکی ئێجگار گەورەیە کەپێویستە لێکۆڵینەوەو چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە مانەوەی ئەم ڕێژە بەرزە لەناو ئەم کەس‌و کارانە دەبێتە هۆی دروستبوونی نەوەیەك کە (خوو) بەنەخوێندەواری بگرێت.

**شەشەم:**.هەروەها ئاسەواری تاوانی ئەنفال بوە هۆی بلاَو بوونەوەی کۆمەلێك گرفت و نەخۆشی دەرونی کە بە رێژەی (76٪) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوچاری نەخۆشی دەرونی وەك دلەراوکێ، خەمۆکی، ترس، *نەخۆشی جەستە دەروونیەکان (سایکۆسۆماتی)*، لەهۆش چوون...هتد هاتوون) تاوەکو ئەمڕۆ بە دەستیانەوە دەنالێنن.

## پێشنیار و راسپاردەکان

ئاشکرایە دوا بە دوای ئەنجامدانی شالاَوی بەدی ئەنفال کۆمەلَی کوردەواری هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد- دوچاری گەلێك گیروگرفت و تەگەری ناخۆش بۆوە، کە ئەمەش وای کرد بارودۆخو ڕەوشێکی تایبەتی بە سەر کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دابێت و دوچاری حالەتێکی نالەبار و ناسەقامگیریان بکات، بۆیە لەم روانگەیەوە پێویستە ستراتیژیەتێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردن و نەمانی ئەم ڕەوشە نالەبارە بدۆزرێتەوەو نەخشەو پلانی گونجاو لە باری بۆ دابرێژرێت و تیایدا هەولَبدرێت ئاسەوارەکانی ئەم تاوانە بنبڕ بکرێت یاخود هەر نابتوانرێت کەم بکرێتەوە بێگومان ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەرشانی هەموو کەس و لایەنێك بۆ ئەوەی بە ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان هەلَبستن و ئەم کارە ئەنجام بدەن.

یەکەم:. لە سەرەتا دا پێویستە ئیستا کە تاوانی ئەنفال لە رێگای دادگای ئەنفال خراوەتە خانەی قرکردنی بە کۆمەلَ (جینۆساید) هەولَبدرێت لە رێگای دیبلۆماسیەتی کورد و نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە ئەم بابەتە لە کۆڕو کۆبونەوە نێو دەولَەتییەکان بوروژێنریت و مەزلومیەتی گەلی کورد بۆ جیهان رون بکرێتەوەو ئەوانەش کە دەستیان لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە بێ وینەیە هەبووە، بەسزای خۆیان بگەن، بەتایبەتی کە دەبینین ئەمڕۆ چۆن تاوانبارانی جینۆساید کردنی گەلی کوردستان ئەو حوکمەی بەسەریان دراوە دوادەخرێت.

دووەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە ئیستا وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دامەزراوە بە شێوەیەکی گشتی دەبێت مشۆرێکی جدیانە لەم کارەساتە بخورێت ئەمەش لە رێگای بەرهەمهێنانی داهات بۆ کەسوکاری ئەنفالەکان بە تایبەتی ئافرەت کە رێژەی (73,53٪) ژن و کچی مالَەوەن و لەدەروەی مال هیچ کارێك ناکەن بە هاوکاری لەگەلَ رێکخراوە و کۆمپانیاکانی ناوەوە و دەرەوەی ولاَت و بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە پسپۆران وشارەزایانی ئەم بوارە وەربگیرێت.

هەروەها حکومتی هەریمی کوردستان داوا لە حکومتی فیدرالی عێراق بکات وێرای داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بەرامبەر ئەو هەموو کارەسات مەینەتیاتە، بەشێکی تایبەت لە بوودجەی عیراق بۆ دابینکردنی مووچەی مانگانە و ئاوادان کردنەوەی گوندەکان و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون و قەربووکردنەوەی زەرەروزیانیان دابنرێت هەروەها لە رێگای ڕێکخراوە نێودەولەتی و مرۆییەکان هاوکاری ئەو خەلَکە بکەن کە کاتی شالاَوەکە لە گوندو دێهاتەکانیان وەدەرنراون بۆ زێدی باب و باپیرانیان بگەرێنەوە، هاوکات پێویستە حکومەت هەموو پیداویستی و ئاسانکارییەکیان لە ڕووی (مادی و مەعنەوی ) بۆ دەستەبەر بکات و کارە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی بتوانن دوبارە کاروباری خۆیان رێك بخەنەوەو سەر لەنوێ خانوو بەرەکانیان بنیاد بنێنەوە. ئەمەش بێگومان سودێکی باش بە ژێرخانی ئابووری کوردستان دەگەیەنێت.

سێیەم: دامەزراندنی دەزگایەکی ئەرشیڤی نەتەوەیی بەمەبەستی پاراستنی هەموو ئەو دێکۆمینت وبەلَگەنامەکانی (بینراوو بیستراوو خوینراو)، هەروەها وەکو دەزگایەکی ستراتیژی لێکۆلێنەوەو دیراساتی لەسەر بکات، تاوەکو بتوانێت مێژووی کارەساتەکانی کە بە سەر گەلی کوردستاندا هاتووە بۆ نەوەی نوێ بپارێزێت ولە هەمان کات بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ رای گشتی جیهانی زانیاری لەمەڕ ئەم تراژیدیایە کۆبکاتەوەو بە دیکۆمێنتیان بکات.

## سەرچاوەکان

1. MEW، وەرگێڕ سیامەندی موفتی زادە، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، سلێمانی1999.
2. تیشکێك لەسەر نرکە و ناڵەی بەناو ئەنفالەکان، لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا.
3. کنعان مکیە، القسوة والصمت، الحرب والطغیان والانتفاضة فی العالم العربی، اربیل/1996.
4. قورئان
5. لەتیف فاتیح فەرەج، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (1) ساڵی/2000.
6. د.کریم شەریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای ڕێنمایی دەروونی، زنجیرەی بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە (26)، چاپی یەکەم، هەولێر/2005.
7. د.کریم شەریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای گشتی- چاپی دووەم، هەولێر/2007.
8. دکتۆر ڕەشاد مێران، م. یوسف دزەیی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (19) ی بەهاری (2001).
9. محەمەد کەریم شەیدا نەخۆشیە دەروونیەکان و دەروون لەشییەکان (سایکۆماتی) یەکان، سلێمانی/2000.
10. عەدالەت تالەبانی، ئەنفال و نهێنیەکانی.
11. د. ئەمیری حەسەن پوور، بەرو تێگەیشتنو بەربەرەکانی کردنی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال.
12. ئەنفالی خالخالآن، مەلا شاخی، چاپی یەکەم سلێمانی/ 2001.
13. گۆڤاری سەرخۆبوون، ژ (7، 8) هاوین و پایزی 2001.
14. خليل بن احمد الفراهيدي، كتاب العين الجزء (8)، ط2، مؤسسة دار الهجرة 1990.
15. الامام العلامة محمد جمال الدين القاسمي، المسمى محاسن التأويل، المجلد الخامس ط1، دار الكتب العلمية، بيروت لبنان 1997.
16. ابو عبدالله محمد بن احمد الانصاري القرطبي، الجامع لاحكام القران، المجلد الرابع، الجزء (8) دار احياء التراث العربي، بيروت لبنان، 1965.

## چاوپێکەوتنەکان

1- الماس پیرداود هەیاس (مام الماس)
2- نوری عبدالرحمن (مام نوری)
3- ئامینە
4- ژیان
5- ئافرتیك لە دهۆك

(3–5): لە سەر ئارزووی خۆیان ناوی تەواو یان باوکیان نەنووسراوە